زانكۆی سەلاحەددین–هەولێر
كۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
قۆناغی چوارەم – كۆرسی یەكەم

# سایكۆلۆژیای بلیمەتەكان

م. ی چیمەن همزە درویش

# چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵی بەهرەمەند بکەین؟

1. دایکوباوک درک بەبەهای ئەو بەهرەیە بکەن و سوپاسی ئەو نیعمەتە بکەن.
2. پێدانی دەرفەت بەمنداڵ و دابینکردنی کەشێکی گونجاو و ئارام کاتێ دەیەوێت داهێنانێک بکات یان بیر لەبابەتێکی مەعریفی بکاتەوە.
3. هاندانی منداڵ لەسەر گرنگیدان بەو خاڵەی کەبەهرەکەی تێدا دۆزراوەتەوە و دروستکردنی باوەڕبەخۆبوون و توانای لەسەر ئەنجامدانی شتی زۆر و دەرخستنی توانا شاراوەکان.
4. بوونی کتێبی بەسوود و جۆراوجۆر بۆ ئەوەی منداڵ لەمیانیدا بیرکردنەوەکانی دەوڵەمەندتر بکات.

5. ستاییشکردنی منداڵ کاتێ کارێکی نوێ ئەنجام دەدات لەگەڵ ئاگاداربوون لەزیادەڕەویکردن هەتا دەروونی تووشی غرور نەکات.
6. ئاگاداربوون لەگاڵتەپێکردن بەمنداڵ و بۆچوونەکانی هەرچەند ئاسانیش بێت ، چونکە بەمە باوەڕی بەخۆی نامێنێ و بەهرەکەشی دەکوژێت.
7. پێشکەشکردنی ئەو بابەتانەی پێویستی بەچارەسەر هەیە بەمنداڵ بۆ ئەوەی بیری لێ بکاتەوە ، بۆ نموونە چی دەکەیت کاتێ تووشی ئاستەنگی لەکارێک دەبێت؟



# تایبەتمەندی ئەقڵی منداڵی بەهرەدار:

- خولیای خوێندنەوە و نووسین لەتەمەنێکی زووەوە هەیە، هەروەها چەمکی زمانەوانی زۆری لا هەیە توانای بەکارهێنانی لەڕستەدا هەیە.
- بەهێزی تەرکیزکردن و تێبینیکردن بۆ ئەو شتانەی لەدەوری هەن.
- شارەزابوون و بەدیهێنانی کردارە ئەقڵیەکان تاڕادەی ئەوەی بەشتێکی سەروو سروشتی وەسف بکرێت.
- بەهێزی یادگە ، هەروەها حەزی بەگەڕان و دۆزینەوەی هەیە.
- مەیلی بۆ یاری پێکهێنانەوە و دروستکردن هەیە، لەهەمانکاتدا هەوڵی پێشنیاز و داهێنان لەدروستکردنی هەندێ شت دەدات وەک یاری بۆ نموونە.

- لەتەمەنێکی زووەوە توانای هەیە لەسەر درککردن بەپەیوەندی هۆکاری (العلاقة السببية).
- کێشەکان بەشێوازی جۆراوجۆر چارەسەر دەکات و شێوازی داهێنەرانە لەچارەسەرکردنی بەکاردەهێنێت.



# تایبەتمەندی جەستەیی منداڵی بەهرەدار:

- قسەکردن و ڕۆیشتن لەتەمەنێکی زوو کەجیاوازبێت لەتەواوی منداڵانیتر.
- تەندروستیەکی باش و جەستەیەکی بەهێزی هەیە.
- پێگەیشتووە لەقۆناغێکی زووەوە.
- توانای دەرکەوتنی زووی ددانەکانی.
- توانای جوڵەی بەرزی هەیە و توانای بۆ کارکردن بەرزە.

هەندێ لەبەهرەمەندەکان هەندێ لەگرفت یان کەموکوڕی لەلایەنی جەستەییان هەیە ، لەگەڵ ئەوەش یەک یان زیاتر لەبەهرەیەکیان هەیە ئەمە ئاستەنگ یان کەموکوڕی بۆ ماوەییان هەیە ، بەڵام هەندێ توانای داهێنانیان هەیە وەک هونەر ، میکانیک ، بیرکاری، مۆسیقا، ... .

بالآبوون لەسیفەتی جەستەیی لەسەر هەموو منداڵێک بەتەواوی جێبەجێ نابێت چونکە لەوانەیە منداڵەکە بەهرەمەندیش بێت بەڵام لەڕووی جەستەوە بچووک و لاواز بێت یان کێشەی جەستەیی هەبێت.

# چۆن گەشە بەتوانای منداڵی بەهرەدار بدەین:

- هاندان بەڕێگای جیاواز:

ڕێگای جۆراوجۆر هەن بۆ هاندان کەکاریگەریان لەسەر دەروونی منداڵ هەیە و یارمەتیدەریان دەبێت لەگەشەپێدانی بەهرەکانیان ، بۆ نموونە منداڵێک حەز بەوێنەکێشان دەکات دەتوانرێ هانی بدەین لەسەر بەهرەی وێنەکێشان کەلەڕێگەی کڕینی گشت ئامرازەکانی وێنەکێشان یان کڕینی کتێبی وێنەدار کەدەتوانێ منداڵ لێیەوە فێربێت، بەهەمان شێوە بۆ منداڵێک حەزی لەمۆسیقا بێت ئەوا مامۆستا فێری مۆسیقای بکات یان حەزی لەوەرزش بێت دەتوانرێ منداڵەکە ببات بۆ یانەی وەرزشی.



- ئازادی پێدان لەکاتی هەڵبژاردندا:

نابێ دایکوباوک وا تەماشای بەهرەی منداڵ بکرێ کە باش نیە یان ڕای خۆیان بسەپێنن لەسەر منداڵەکە چونکە ناچاردەبێت پیادەی بەهرەکەی بکات لەو کاتەی توانای هەیە و گەورە دەبێت.

- دوورکەوتنەوە لەڕەخنەگرتن و گومانکردن:

نابێ بەهەر هۆکارێک بێت ڕەخنە لەمنداڵ بگیرێت، بەڵکو پێویستە ستایشی بکەیت و ڕێز لەهەوڵەکەی بگیرێت ، هەروەها دەبێ دووربکەوینەوە لەگومانبردن لەتوانای منداڵ و ناشکرێ بەراوردی بکەی بەمنداڵانیتر چونکە مرۆڤەکان توانای تایبەت بەخۆیان هەیە کەخوای گەورە بۆی داناون و هەموو مرۆڤێک لایەنی باش و کەموکوڕی هەیە.

- فراوانکردنی سنووری منداڵەکەت:

پێویستە بەدوای ڕێگای گونجاو بگەڕێین بۆ فراوانکردنی سنووری بەهرەی منداڵەکەت، ئەوەشمان لەیادنەچێت کەبەهرە لەهیچ منداڵێک دوور نیە و ئەگەر لێشی دەرنەکەوت ، زۆربەی منداڵەکان کاتێ بەهرەکانیان دەردەکەوێت دایک و باوک گرنگیان پێ نادات بەمەش لاواز دەبێت و بەتەواوی نامێنێت.

